# جنێویشم پێبدەی خەڵاتت دەکەم

سەید ئازاد

*ئەوەی لە خوارەوە دەیخوێننەوە، سەربردەیەکی راستەقینەی پاشای گەورەیە کە لە شەهیدی نەمر (سەید سەلیم)م بیستووە.*

رۆژێك لە رۆژانی پاییز پاشای گەورە حەزی دەچێتە راو بۆیە هاوڕێ لەگەڵ سێ کەس لە نزیکەکانی بەرەو چیای کوڕەك دەکەونە رێ و لە رێگا بەمەبەستی پشوودان و پڕکردنی مەتارەی ئاو لادەدەنە سەر کانیی (مەلا نەبی). لەو دەمەدا پیرەمێردێکیان لێ پەیدا دەبێ وسڵاویان لێ دەکات، بەڵام لەبەرئەوەی پاشا و هاوڕێکانی جلی راویان پۆشیبوو پیرەمێرد نایانناسێ.

پاشای گەورە پرسیار لە پیرەمێرد دەکات کە خەڵکی کوێیە و بەرەو کوێ دەچێ. پیرەمێرد دەڵێت خەڵکی دەشتی هەریرم و دەچمە خزمەت پاشای گەورە.

* بۆچی دەچیە لای پاشا؟

- من کەسێکی هەژار و دەستکورتم، منالی وردم زۆرن، زستانیش بەڕێوەیە، هیچ شتێك لە ماڵی خۆم شك نابەم، دەچمە خزمەت پاشا بەڵکو دەستم بگرێ و هاوکارییێکم بکات. نەشمبیستووە کە پاشای گەورە دەستی نابێ بە رووی هیچ کەسێکەوە.

* پێت وایە پاشا گوێت لێبگرێت و کارێکت بۆ بکا؟

- بەخوا من لە دەشتی هەریرەوە سەری خۆمم هەڵگرتووە بۆ بەر دەرگای کۆشکی پاشا، ئەم رێگا دوورەم بڕیوە، ئیتر پشت بە خوا و هیممەتی پاشا.

* ئەی ئەگەر هیچی بۆ نەکردی؟

- کوڕە ئەگەر کردی ماڵی ئاوابێ، ئەگەر نەشیکرد لە ...... دایکی بەم.

پاشا لە قاقای پێکەنین دەداو بە پیرمێرد دەڵێ خوات لەگەڵ، هیوادارم بە نائومێدی نەگەڕێیەوە.

دوای ئەوەی کە پیرەمێرد دەڕوا پاشا بە هاوڕێیانی دەڵێ با بگەڕێینەوە، ئەمڕۆ ناچینە راو، حەز دەکەم لە دیوانێ ئەو پیرەمێردە بدوێنم. پێدەچێ بەزمێکی خۆشی بەدواوە بێ. بۆیە بەرێگایەکی دیدا دەچنەوە رواندز. ئەوان سوار و پیرەمێرد پیادە، بۆیە بەر لە پیرەمێرد دەگەنەوە ماڵێ.

دەرگاوان هەواڵ دەنێرێ کە پیرەمێردێك هاتووە دەیەوێ چاوی بە پاشا بکەوێ.

* بەخێربێی خاڵە گیان، فەرموو چیت گەرەکە؟

پیرەمێرد مەبەستی هاتنی خۆی بۆ لای پاشا روونەدەکاتەوە..

* خاڵە گیان یاخوا بەخێربێی، بەڵام ئەدی ئەگەر هیچت بۆ نەکەم؟

پیرەمێرد کە گوێی لەم وەڵامەی پاشا دەبێ قسەکەی سەر کانیی مەلا نەبیی وەبیردێتەوە. رەنگی تێکدەچێ و دەکەوێتە هەڵوێستێکی ناخۆشەوە. لەدڵی خۆیدا دەڵێ هەبێ و نەبێ ئەو کەسەی لەسەر کانی پرسیاری لێکردم، ئەوە پاشا بووە ومن نەمزانیوە. ئەگەر بڵێم پەشیمانم ئەوا رەنگبێ پاشا بە کەسێکی ترسنۆکم لەقەڵەم بدا و هێندەی دی کارەکەم لێ ئاڵۆز ببێ. ئەگەر پەشیمانیش نەبمەوە، ئەوا ئەمجۆرە ناماقووڵیە دەرحەق پاشایەکی وەها گەورە رەنگبێ کارەساتێکی بۆ ئەو بەدواوە بێ. بۆیە زۆر مەردانە چاو دەچاوی پاشا دەبڕێ و دەڵێ:

- پاشام خۆشبێ، ئەوەی من بیستوومە و زانیومە خەزێنەی پاشایەتیت بۆ هەژاران بێقسوورە، ئەگەر بۆ بێبەختی منیش نا ئومێدم دەکەی و بەدەستی خاڵیم دەنێریەوە، خۆ زەرەرم نەکردووە، وامدانا سەفەرێکی رواندزم کرد و گەڕامەوە، بەخوا لەسەر کانیێ چیمگوتووە لەسەر قسەی خۆمم و پەشیمان نیم.

پاشای گەورە زۆر پێدەکەنێ و دەڵێ بەراستی پیاوێکی چاونەترسی. دواتر خەڵاتێکی باشی دەکات.